
محەمەد نورەدین
تورکیا
لە سەردەمی گۆڕاندا
ئازاد بەرزنجی
کردوویە بە کوردی

## گرنگیی ئەم کتێبە:

تورکیا لە نەخشەی سیاسی ئەمڕۆدا و بەتایبەتیش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پێگەیەکی ستراتیژیو ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ڕووداو گۆڕانکاریەکانی هەیەو، هەر گۆڕانکاریەکیش لەتورکیا بەئەرێ، بێت یان نەرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەسەر باری سیاسیو پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانیو میللەتانی هاوسێیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەنێو ئەو هاوسێیانەشیدا ئێمەی کورد، بەتایبەتیش دوای دووەم جەنگی کەنداو، لەساڵانی پاش ڕاپەڕینەوە، کەئەم کتێبەش بایەخ بەو ماوە مێژووییەی تورکیا دەدات، واتە تورکیای نەوەدەکانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتو گۆڕانی دونیا لە دووجەمسەریەوە بۆ یەك جەمسەر.

لێرەدا پرسیارێکی گەوهەری هەیە کە بەردەوام بەڕووماندا دەتەقێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کورد توانیویەتی تا ئێستا گوتاری خۆی دابمەزرێنێ، یان بە واتایەکی دی ئایا کورد گوتاری خۆناسیی هەیە. هەڵبەت بەڕای من وەڵامەکەی نەرێیەو لەبەر گەلێ هۆ، کە یەکێکیان ئەوەیە ، هیچ گوتارێکی خۆناسی نییە بتوانێ بەبێ ((ئەویترناسی)) خۆی دابمەزرێنێت.ئێمە تا چەند ((ئەوانی تر بناسین، هێندەش پتر خۆمان دەناسین.

سەبارەت بە ((تورك))و ((تورکیا))ش، یەکێکە لەو ((ئەو))انەی کە کورد بەدرێژایی دەیان ساڵ مێژوویەکی پڕ هەڵکشانو داکشانی لەگەڵدا هەبووە، هەر لە شۆڕشەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوەو دواتریش تا دەگاتە کۆتاییی‌کانی سەدەی بیستو دەستێوەردانوهەڵوێستەکانی تورکیا لەئاست مەسەلەی کورددا، پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠)و لۆزان (١٩٢٣)، بۆیە ناکرێ هەروا بەسانایی بەسەر ئەو مێژووەدا تێپەڕینو بێ بایەخانە بڕوانینە گۆڕانکاریەکانی ناوەوەی تورکیاو پێگەی لەدونیای سیاسی هاوچەرخداو پەیوەندییەکانی بە وڵاتەکانی دەوروپشتیو ولاتانی عەرەبو زلهێزەکانی جیهانەوە، کە ئەم کتێبە بەوردی لەسەریان رادەوەستیت.

لێرەوە کە گرنگی ئەم کتێبە دێت، بەتایبەتیش کە کتێبەکە لەیەك لایەنەوە ناڕوانێتە تورکیا، بەڵکو لەزۆربەی لایەنەکان دەکۆڵێتەوەو باری هەنووکەیی و ململانێ سیاسییەکانی نێو تورکیا و ئەگەرەکانی ئێستاو ئایندە هەڵدەسەنگێنێت.تورکیایەك کەلەپاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك حاڵەتو دۆخی نوێ بۆوە، تورکیایەك کەلەسەرێکەوە دەیەوێ ببێتە ئەندام لەکۆمەڵەی ئەوروپاداو، لەسەرێکی ترەوە بەدەست کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی ناوخۆیەوە دەناڵێنێتو، حیزبە ئیسلامیەکان دەیانەوێ بەئاراستەی خۆیاندا ببەنو حیزبە عیلمانیەکانیش بەهەمان شێوە، سوپاش بەردەوام چاوی لەسەر ڕووداوەکانەو لەحاڵەتی ئامادە باشدایە. لەولاشەوە کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێك کەناکری فەرامۆش بکرێ. ئەمە جگە لە چەندین کێشەکێشی تری مەزهەبی و ئیتنی و ئابووری و کێشەکانی سەر سنووری لەگەل ولاتانی دراوسێیداو کێشەی ئاو و هتد...

ئەوەی وادەکات کە ئەم کێشەیەش زیاتر بە هەند وەربگیرێ ئەوەیە کە جگە لەوەی کتێبەکە خۆی تازەیەو لە ساڵی ١٩٩٧ دا نووسراوە، نووسەرەکەیشی بەگیانێکی بابەتیانەو زانستیانە لەتەواوی ئەو مەسەلانەی تۆژیوەتەوەو، خۆیشی پسپۆڕە لەکاروباری تورکیاداو مامۆستای مێژوو و زمانی تورکییە لەزانکۆی لوبنانی و چەندین باسو لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی تورکیا نووسیوە بێجگە لە دوو کتێبی چاپکراوی تری لەسەر تورکیا کە ئەمانەن:

-کلاوێكو مێزەرێك؛ دەروازەیەك بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ناو تورکیا (١٩٩٧).

-تورکیا -کۆمارە سەرگەردانەکە-چ١-بەیروت -(١٩٩٨)

دەمێنێتەوە بڵێین کە ناونیشانی ئەم کتێبە بەعەرەبی (ترکیا في الزمن المتحوّل)و واتە ئەگەر تەرجمەیەکی دەقاو دەقی بکەین دەبێ بە (تورکیا لە سەردەمێکی ((یان ڕۆژگارێکی)) گۆڕاودا) یان (تورکیا لە سەردەمێکدا

(کەلەگۆڕاندایـە)) واتـە لـە گۆڕانێکـی بەردەوامدایـە، بـەڵام ئێمـە ئـەم ناونیشانەمان بۆ هەڵبژارد (تورکیـا لەسـەردەمی گۆڕانـدا) بـەو هیوایـەی ئـەو واتایە بگەیەنێت.

لەکۆتاییشدا ئومێدەوارم ئەم کتێبە وێنەیەکی ڕوونی تورکیا بخاتە بەرچاوی خوێنەری کوردو ئێمەش نوانیبێتمان لەم ڕووەوە بەشداریەکی خاکیانەمان کربێت.

ئازاد بەرزنجی

تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا ١١